هەندی باوککوژی لە مانی حسار و سگکانی باوکم دا.. ئاراس سعید

"دستپک و سرتا"

باوککوژی

میتلۆژیایی"باوککوژی وکوو هەندکی سیمبوولی و کولتووری دگەتەوە بە کۆنترین پنتی کۆمەڵ بڕایەکانی مرۆڤ. ئەمش لە کتبی "تەوتەم و تابۆ"ی "سیگمەند فرید" دا دەبینینەوە، کاتک لە یەکک لە کۆمەڵگە بڕایەکاندا باوککی ستەمکار دەیەوت کوەکانی بچپنت و لە سکسکردن لگە ژنانی ناو هۆزکەی بەبشیان بکات، بوهایەوە کوەکان باوکیان دکوژن[1].لە میتلۆژیایی یونانیشیدا "ئفسانەی ئدیب" تراژیدیترین چیرکی باوککوژیە، لەلایەن شانووسی یونانی (سۆفکلیس – Sophokles)وە نووسراوە. پوختەی چیرکەکە لەبارەی خزانی پاشای سیبینەوە دوت، کاتک (لایس) پاشا و شازنە (جکاسبە) لە لایەن عڕافکەوە پیان ادگەیندرت، لە ئایندا ئوان دبنە خاونی کوەک، کاتک کوە گورە دبت باوکی خی دکوژت و دایکی لخی مارە دکاتوە.

کاتک (ئدیب) لە دایک دبت، جکاسبەی دایکی بەئوەی پشبینی عڕافکە نیەتدی، بیار ددات کوەکەی لەناوبرت. بیە ئدیبی کوەی ادەستی شوانک دکات و پی دەت: ئم منداە بڕە دارستانک بە دارکەوە بیبەستڕەوە تاوکوو دمرت. بەام شوانکە دی بە منداەکە دسووتە و فرمانی گورکەی بجناهنت، بەکو منداەکە دداتە دستی خزمتکارکی (کرینتس) پاشا و پی دەت: بیبە بە خت. خزمتکارکەی کرینتس، منداەکە دباتوە بە گورکەی و ئویش دیکاتە کوەی خی. کوەش لژڕ سایەی پاشادا دژت و دبتە شازادە، بەام هتا گورە دبت نازانت کە کوەی استقتینەی (کرینتس) نیە. هۆزکیان عڕافی پرستگەی دلفی پی رادگەینت: کە گورە دبت، باوکی دکوژت و پاشانیش دایکی لخی مارە دکات. ئویش بەئوەی لم قدڕە شوومە خی ڕزگار بکات، بیار ددات کە کشک و مملکەتکە بجبهەڵت. کاتک کە لڕگەی دلفیەوە دچتە دڕە، لەگە پیاوکی پیرپیاوکی

ئینکاردا دەبێتە شەیان و پاشان کێشەی خۆی لە دەستدەدات و ئەو پیاوەو خزمەتکارەکەی دەکوژێت، بەبێ ئەوەی بزانێت کە ئەوەی کوشتوویەتی، باوکییەتی و پاشای سیبینێ و دواتریش شازنە جوکاسبەی دایکی مارێ دەکاتەوە و کاتێک دەزانێت باوکی خۆی کوشتووە و لەگەڵ دایکی خۆیدا سێکسی کردووە، لێنەو ئازاری هەستکردن بەگوناهدا دەتلێتەوە و لە ئەنجامدا چاوی خۆی کوێر دەکات [2].

"گرێی ئیدیب"

فرۆید بە تەواوەتی لە (ئەفسانەی ئیدیب) چەمکی باوککوژی لە سایکۆلۆجییدا تیۆریزە دەکات. بەپێی ئەو تیۆریە، (لیبیدۆ- Libido) مەتیقی کردەی باوککوژیە، ئەمەش جۆرێکە لە گرێی دەروونی بە (گرێی ئیدیب – Oedipus complex) ناودێری دەکات. گرێی ئیدیب بەناوبانگترین تیۆریی سایکۆلۆجییە، کە شوناسی سوبێکتی سێکسی شرۆڤەدەکات. بەپێی ئەو تیۆریە (گرێی ئیدیب) ئەوە پیشان دەدات کە مرۆڤ لە تەمەنی منداڵیدا، هەستێکی نائاگایی سەرنجڕاکێشی بەرامبەر بە دایباوکی ڕەگەزی بەرامبەر و کابەری و ڕق لەگەڵ دایباوکی هاوڕەگەز بە دروست دەبێت.

فرۆید دەڵێت: هەموو منداڵێک و هەموو مرۆڤێک بەم گرێیەدا تێدەپەڕن. یەکەم ئوبێکتی لیبیدۆ بۆ کۆ، دایکییەتی. ئەو دایکی خۆی خۆشدەوێت و ڕقی لە باوکێتی، چونکە دایکی ئەمی وەک مەعشوقێک داگیرکردووە. پاشان بەهۆی هەڕەشەی باوکەوە دووردەکەوێتەوە و ناچارە ڕوو لە ژنێکی تر بکات، کە شێوەی لە دایکی دەچێت. ئەم دوو هەستە، لە مرۆڤدا زۆر ئاشکرا و ئاگایانە نین، بەڵکو (نەستێکی) و نائاگایانەن[3]. پێشتر بینیمان لە تراژیدیایی سۆفۆکلیسدا ئیدیب نازانێت ئەوەی کوشتوویەتی باوکی خۆیەتی، بەڵکو (لیبیدۆ) ئەو ماتە وزە سێکسییە، دەکەوێتە سنووری (ئید) ەوە و دواتر لە لایەن (ئیگۆ) و (سوپەرئیگۆ) وە ڕەکدەخرێت و دابەش دەکرێت. بەپێی دەروونشیکاری فرۆید، (ئید) دیوە تاریکەکەی ناوەی ئەمەیە، کەگایی جۆشوخرۆش و پاشەڕۆ سێکسییەکانە. فرۆید پێی وایە: ئوبێکتی هەستبزوێنی کۆ بریتییە لە دایک، دیاردەیەت دایکی ببێتە موڵکی ئەو. نا ئاگایانە لەژێر فشاری ئەنگۆزە لیبیدۆییەکاندا بۆ ئەوەی دایکی بەدەست بهێنێت، دەکەوێتە ڕەقابەرایەتی لەگەڵ باوکیدا.

لەئەنجامی ئەو ڕەقابەرایەتی گرێیەکی دیکە دروست دەبێت کە بە (گرێی خەساندن) ناودێر دەکرێت. گرێی خەساندن گوزارشت لە ترسی منداڵی نۆرینە دەکات بەرامبەر بە باوک، بەوەی کە ئاگەر ویستی

سێکسی بەرامبەر بە دایکی بنوێنێت، ئەوا باوکی بە بەینی ئەندامی نەرینەی سزای دەدات و دەکەوێتە قەناغی متبووندن. بەیە لە میتۆلۆژیای سۆفکلیسدا، کاتێک ئەدیب تەدگات لەگەڵ دایکی خۆی خەوتووە، هەست بە گوناه دەکات و لە سزای ئەمدا چاوکی خۆی کوێردەکات. بەپێی فرەید، ئەم خۆکوێرکردنە، جێرکە لە خۆخساندن، واتە لەجیاتیی ئەوەی باوکی بیخسێنێت، ئەدیب خۆی ئەم سزایە بەسەر خۆیدا پیادەدەکات. فرەید بۆتەامان لە لیبیدۆی نەرینە، (گرێی ئەدیب) ئاوەژوو دەکاتەوە و (گرێی ئەلکترا) لە کچاندا دەدزێتەوە. بەپێی شیکارییەکانی فرەید، ئەبەکتی لیبدۆی کچانە، مەیلی سێکسیە بە باوک. ئەشقی کچ بە باوکی دەبێتە هۆی ئەوەی لە دایکی دوور دەکەوێتەوە و لەبەرئەوەی کچ (چووک) ئەندامی نێرینەی نیە، بۆیە هەستێکی نائاگایی سەرنجاکێشی بەرامبەر بە باوکی و ئاکاری و ڕەفتاری لەگەڵ دایکی بە دروست دەبێت، ئەم ئیرەیبردنە بە (چووک) ڕەفتی کچ بەرانبەر دایکی زیاتر دەکات کە بۆچی دانیەکی وای بە نەبەخشیوە[4].

"حەسار و سێگەکانی باوکم"

هەندی سیکسوالیتە

ڕۆمانی "حەسار و سێگەکانی باوکم" یەکێکە لە شاکارە ئەدەبییەکانی (شەرزاد حەسەن) کە پێش دنیای پڕسەی ئازادی نوسراوە و هەشتا دەقیکی زیندووە و کاریگەری خۆی لەدەست نەداوە. تێکستێکە دەربارەی دوونیابینی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و خێزانی کۆمەڵگەی کوردی دەوێت کە تەدا باوک وەکوو سیمبولی دەسەڵات پەیکەربەندی شوناسی سێکسی بکەر دادەڕێژتەوە. باککوژی وەکوو قوترین پنتی تێکستێکە لە دووگۆشە نیگا دا دەردەکەوێت. لەنیگایی یەکەمیدا وەکوو فەرمێکی کولتووری و سیمبولیی خۆی نمایش دەکات. لەنیگای دووهەمدا باوک وەکوو هەهەندێکی بایەلۆژی و سایکەلۆجی دەردەکەوێت. دەتوانین بڵێن، کەی بیرکەی ڕۆمانەکە لە ژێرکاریگەری ئەفسانەی باوککوژی ئەدیب نووسراوەتەوە. لەووی سیسیەلجییەوە حەسار بریتییە لە دەستنیشانکردنی سنووردارکردنی سێکسوالیتێ، لەلایەن سیستەمە پاتریاریاکییەکانەوە. دەکرێت حەسار گوزارشت بێت لە کۆمەڵگەی پاتریاریکی لەگەڵگەی نەرم و بەهاکانییەوە، شوێنی سێکسوالیتێ دەستنیشان دەکات و لە چوارچێوەی ئایین و مەڵای دەستجمعیەوە قەتیسی دەکات. وەکوو (ئەو کۆمەڵگە بڕاییەی باوکێکی ستەمکار دەیەوێت کوڕەکانی لە سێکسکردن لەگەڵ ژنانی ناو هەزرەکەی بەبەش بکات.)

حەساری باوک پێ لەژنی جوانکیلە و کیژێکی نازدار، وەلێ بابە، کوڕکانی لە سەکسکردن لەگەڵ ژنانی نێو حەسارەکە بە بەش دەکات و دەیان چەپێنێت، زمانی هەرکەسێک دەبڕێت وشەی حەرام دەربڕێت، وەی بەحاڵی ئەو کەسەی خۆن بە حەرامەوە دەبینێت.

حەساری باوک گوزارشتە لە سیستەمی پاتریاریکی ئایینی کە چەن سەکسوالیتە کۆنترۆڵ دەکات. وەکوو ئەوەی (میشێل فۆکۆ) لە (مێژووی سەکسوالیتە)دا دەڵێت: لە سەدەی هەژدەهەمدا کۆنترۆڵکردنی سەکس دەچێتە ئەستەی "پاڵیس" لە کاتێکدا پاڵیس ناتوانێت ئەم ئامانجە بەهێنێتەدی. پاڵیسی سەکس بەمانایی تووندووتێکردنەوەی قەدەغەیەک نیە بەڵکو پەویستی بە هاسابەندکردنەوەی سەکسە لە گەڵی گوتاری بکۆکەهاتوو گشتیەوە. فۆکۆ دەڵێت: پێشووتر وشەکان بابە هیچ کەدەک دەگوترانەوە، بەڵام پاڵیسی زمانی و تەکنیکەکانی زمانەوانی وشەگەلێی عەیبە و ناشرینی داهێنا و سەکس لە نێو زماندا کۆنترۆڵکرا. جگە لە خەزانی (هاوسەرانە و ژووری دایک و باوک) ئیدی هەر زمانێک لەبارەی سەکسەوە بدوایە دەبوو بەدەنگ بکرێت. گوتاری ئایینی، گوتاری پزیشکی، گوتاری زانستی هەموو گوتارەکان کەدکران. منداڵەکان تەمەکران لەسەر نەگوتنی هیچ شتێک لەبارەی سەکسەوە. ئیدی سەکسوالیتە بە بەدەنگی مایەوە و بارسوانی ئازادانەی لە نێو زماندا کۆنترۆڵکرا. ئەگەر کەسێک لەبارەی ویست و خولیای سەکسی ئەوانیتر بدوایە، دەبوو گوێیەکانمان بخەوێنن، دەممان لە بارەی خولیاو ویستەکانماوە دابخەین. ئا لەرەوە دەسەڵاتی زمانی، سەکسوالیتەی لەنێو تەکنیکی زمانەوانیدا کرد بە تابۆ، دەبوو وشەکان و گوتارەکان بپاڵێوین و لە فلتەریان بدەین[5].

بابە دەڵێت: هەرکەسێک بێتە ئەم حەسارەوە پەویستە بخەسێندرێت. هەرکەسێک خۆنەکی سەکسی ببینێت دەبێت بیچەپێنێت. کەس بەی نیە لە حەسارەکەی بابەدا بیر لە شتی خراپ بکاتەوە. بەدیدی فۆکۆ: چەپاندنی سەکس پەیوەستە بە تەکنیکەکانی دەسەاتەوە، کە هێزمووەنی خەی بەسەر سەکسدا دەسەپێنێت. کاتێک دەسەات توانای کۆنترۆڵکردنی جووڵەی سەکسی نابێت، ئیدی پێویستی چەپاندن و سەرکوتکردن دەستپێدەکات.

باوک لەنیگای یەکەمدا وەکوو هێهەندێکی سیمبولی و کولتووریی، بەشداری دەکات لە داشتنەوەی پەیکەربەندی شوناسی سەکسی مرۆڤ. کووشتنی باوک بەمانایی تێکشکاندنی کەی ئەو بەربەستە کۆنکرێتانەی کە ئازادییە گریمانەکراوەکانی مرۆڤ سنووردار دەکات. کوشتنی ئەو

پلیسی کۆمەڵایەتییەی کە دەوڵەت، منداڵەکانی بگۆڕێت بۆ تایپێک لەمرۆڤی گوێڕایەڵ و چەپنراو. باوک زیاتر لە چەند مانایەک هەڵدەگرێت، باوکی خزانی، باوکی ئایینی، باوکی ڕووحی، باوکی ئیدیۆلۆژی، باوکی کۆمەڵایەتیی. بەدڕبینێکی دیکە، باوک بەمانایی کەی ئۆو سیستەمە پاتریاریکەی دوونیا بینی سێکسوالیتەی ئێمەی لەسەر بوونیادنراوە. بەدڕبینە نیتچەیەکە: تێکشاندنی باوک، یەکسانە بە مەرگی نەم و ئەخلاقی ژێردەستە.

هەندی سایکۆلۆجی

لەنیگای دووهەمی هەمانکەدا، باوککوژی وەکوو هەندێکی سایکۆلۆجی بەسەر تێکستەکەدا زاڵە. دەتوانین "گرێی ئیدیب" لە کارەکتەری گۆدۆدا دەستنیشان بکەین، کاتێک دەڵێت: "دواژنی بابە نەبوایە، قەت نەم دەتوانی بیکوژم، وەی لە ئابی هەشتا بوکی مانگێک بوو، کە هەژێکیان پەرزی لێگرتم و لەسەر ناعوورەکە، بە قرژەکەوە قەڕە بەقەڕەم وەستا. لاونیو تەم ئاما. مەکربازانە پتر خێی بەسەر شووڕەکەدا شۆکردەوە و مەکربازانە سنگ و قورسایی هەردوو مەمکی سوخمەیان دادەی و باخەڵی کراسە تەنکەکەیان پتر بە خواتر داخزاند و جگەڵەی زەر تەنگی نەوان هەردوو مەمکانی گەژی کردم. لەوەدا بوو سەرم گەژ بخوات و بە نەو ناعوورەکە سەرانگرێ بم. بە شەرمانە پێی وتم: سەیری چی دەکەیت خەسیوی نامەرد؟! درێ دەکەیت...ئەگەر غیرەت لە دەمارتا هەیە ئەمشەو باوکت لەباوەشی مندا دەبەت، شەو نەرەمە."

بە "گرێی ئیدیبی" گەڕاوە، ئەبەکتی زە دایک لیبدۆیی سێکسییە. گەڕاوە ئەو نمایندە دەکات کە هەستێکی سێکسی سەرنجڕاکێشی بەرامبەر بە زەدایکی بە دروست دەبەت و دەیوەت بەتواوی بەدەستیبهێنێت و جێش و خرەشانکانی (لیبیدۆ) دەیباتە شۆ و کابڕی و ق لێگۆ باوکیدا و لەڕوە بیرکێی باوککوژی لا گەاڵ دەبەت. ئەبەکتی هەستبزونی کۆ بریتییە لە دایک، دەیوەت دایکی ببەتە موکی ئەو. نا ئاگایانە لەژێر فشاری ئەنگزێ لیبیدۆیکاندا بە ئەوی دایکی بەدەستبهێنێت، دەکوەتە قەبڕایەتی لێگۆ باوکیدا.

بەپێ سایکۆلۆجی فرێیدی، لەئەنجامی ئەو قەبڕایەتی گرێیەکی دیکە دروست دەبەت، بە "گرێی خەساندن" ناودێر دەکرێت. گرێی خەساندن گوزارشت لە ترسی منداڵی نەرینە دەکات بەرامبەر بە باوک، بەوەی کە ئاگەر ویستی سێکسی بەرامبەر بە دایکی بنوێنێت، ئەوا

باوکی بە بینی ئەندامی نەرینەی سزای دەدات و دەکوتە قەناغی متبوونەوە. خەساندن لە ڕەمانی حەسار و سەگەکانی باوکم دا، لە دوو نیگادا دەردەکەوت. لە نیگای یەکەمیدا؛ بابە پشیلەکان و کرێکارەکانی حەسار دەخەسێنێت. وەکوو لە نەقڵێتەکەدا دەڵێت: (“چاکە هەر شێوی یەکێکیان دەخەسنم.” واتا: پشیلەکان. لەنیگای دووەمیدا، گەڕاوە خودی خۆی دەخەسێنێت و دوای کوشتنی باوکی، وەکوو سزایەک لە گەڵەکیدا پاڵ دەکەوێت تا کرم تێی دەدات و دەمرێت. ئەمەش لە کۆتایی تراژیدیای(سۆفۆکلیس) بەدیدەکرێن کاتێک پاڵەوانی ئەستوورەکە بە سزای کوێرکردن، خۆی دەخەسێنێت.

بە لێبیدۆی کچانە باوک ئەبەکتی سێکسیە، لە کچانی حەساردا، بەشێوەیەکی بەرچاو خۆی ئاشکرا دەکات. کاتێک گەڕاوە باوکی ناو حەسارەکە دەکوژێت، کچەکان بەمەرگی بابە نیگەران و دەڵێن: “کوا چیت لە باوکی ءەگید و چەنگەڵمان کرد؟ کوا چیت لە مەردی خاسمان کرد؟ ئەو پیاوەی منداڵی نەو بەشکێیان پێ دەترسان؛ ئەو پیاوەی چاپوکترین سوار و چاترین حەیران بڕێ بوو.” کاتێک منداڵ خۆی دەخەسێنێت، لە دایبابی ڕەگەزی دوور دەکەوێتەوە دەیەوێت کەسێکی دیکە، هاوشێوەی ئەبەکتی لیبیدۆی سێکسیەکەی بدزێتەوە. ئەمەش لە دوای مەرگی باوکی حەساردا دەردەکەوێت، کە یەکێک لە کچەکانی حەسار عاشقی شالێی زەنوان دەبێت.

لە ڕەمانەکەدا لیبدۆیی سێکسی کوانە بەکووشتنی باوک دەچێنردێت، وەلە لیبدۆی سێکسی کچانی حەسار بەووونی خۆی نیشان دەدات، کاتێک گەڕاوە لەبارەی جێش و خرێشانەکانی خوشکەکانییەوە دەدوێت و دەڵێت: “خوشکە قەیرەکانم بۆنی پیاویان نەکردبوو، لە حەیبەتان دەچوونە گژ ئەسپەکەی باوکم”. بە تەکنیکشکردنی تیۆری سایکۆلۆجی فرۆیدی لە خوێندنەوەی تێکستەکە، تیۆری شیکاری خۆنەکان لە نیگایەکی دیکەی ڕەمانەکەدا دەردەکەوێت. کاتێک باوکە بەدزییەوە دەچێتە ژووری نووستنی کچەکان، لە جووڵەی لەوان و پڕووی چاوەکانیان ورد دەبووەوە سەرپشی تێی هەڵدایە سەردموچاوی زەردهەگەڕاوی خەم لەنیشتوویان، تا بزانێت بەدەم ئاپۆیین لەخەوەوە ناوی چی نەرینەیەک دێتە سەر زاریان. بەپێی تیۆریی فرۆید، خۆن ناوەکێکی ئاڵز و شاراوەی لیبدۆییەوە نەستەکییەکەوە هەیە، لە خۆندا خۆی تەردەکات. بەدەربڕینکی دیکە، سینارۆی خۆن لەپاشماوە چەپنراوەکای ڕۆژدا دروستدەبێت، لە کاتێکی نائاگاییدا دەردەکەوێت و خۆی تەردەکات. فرۆید دەڵێت: هەر خۆنێک بەدیهاتنی ئارزوویەکی نەستەکی چەپنراوە[6].

ئارەزووە لیبدەیەکانی کچانی حەسار لە خەونەکانیاندا تەر دەکەن. هەندەکیان لەترسی ئەو باردەخە نەستەکییە، خەیان دەبەستەوە، نەوەکو بەدەم خەونەوە بڕان و ئارەزووەکانیان لە شتەکانی دەوروبەر تەربکەن. سایکۆلۆجی فرۆیدی گرنگییەکی ئەجکار بە سیمبولەکان دەدات لە فڕماسیۆن ی خەونەکاندا. سمیبوولیش لە ڕمانەکدا هەن لە نموونەی (شمشێر و گۆچان و سندۆ) گوزارشتن لە (ئەندامی زاوزێی نێرینە).

سەرچاوەکان:

سيغموند فرويد: الطوطم والحرام. ترجمة جورج طرابشي، الناشر:دار الطليعة للطباعة والنشر، 2008.

The legend of Oedipus
https://www.greekmythology.com/Myths/Mortals/Oedipus/oedipus.html

Sigmund Freud: The Book of :(The Psychopathology of Everyday Life and (The Interpretation of Dreams ..1899) ..pdf

4.Sigmund Freud:(The Interpretation of Dreams ..1899)..pdf

ئاراس سەعید: لەبارەی مێژووی سێکسوالیتێ، ماپێی چاوی کورد. بەوانە:
https://chawykurd.com/2023/02/22/%d9%84%db%95%d8%a8%d8%a7%d8%b1%db%95%db%8c-%d9%85%db%8e%da%98%d9%88%d9%88%db%8c-%d8%b3%db%8e%da%a9%d8%b3%d9%88%d8%a7%da%b5%db%8c%d8%aa%db%95%d9%88%db%95/?fbclid=IwAR3S26X_r9OpyOLQ3obRHjEdnRNk0iBrXv0hcfu9x4q0PjcbuIt9wBWvD_o

(The Interpretation of Dreams.(1899

شەرزاد حەسەن: حەسار و سەگەکانی باوکم. چاپەمەنی مانگ، چاپی چوارەم، 2021.

گفتوگۆ لەگەڵ شانۆکار ژیار ئیسماعیل.. ئامادەکردنی: کامەران حاجی ئیلیاس

ژیار ئیسماعیل: دڵخۆش ئاراستە و ڕێڕەوی ژیان بەرەوپێش دەبات و گەرانکاری دروست دەکات
ژیار ئیسماعیل: شانۆ کاریگەری بنچینەیی لەسەر کۆمەڵگە و ژینگە و شێوازی ژیانی تاک هەیە
ژیار ئیسماعیل: ناتوانم بیربکەمەوە ئەگەر شانۆکار نەبم
خاتوونی هونەرمەند "ژیار ئیسماعیل" یەکێکە لەوئێکتەرانەی کەشوێن پەنجەی لە نەو شانۆی کوردی دیارە، بەشداری چەندین شانۆگەری کردوە، خاوەنی خەڵاتی باشترین ئێکتەری فیستیڤاڵی شانۆی منداڵان بووە لە هەولێر،کارکانی لە (کوردستان ،ئێران ،سوید، ئەڵمانیا) نمایش کراوە،لەم ماوەی دوایی توانی بەوانامەی ماستەرلەژێر ناونیشانی (ئەرکی پەداگۆجی نوێ لە نمایشی شانۆیی منداڵان) بەدەست بهێنێت. ئەمە بە زیاتر ئاشنا بوون بە کارو چالاکییەکانی ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵیدا سازداوە.

*سەرەتا پەمان باشە باس لە چۆنیەتی ئاشنا بوونت بە هونەری شانۆکەیت .

- من ژیار ئیسماعیل حەوزلە 1989 لە شارێ جوانێکی هەولێر لەدایک بووم ، دەرچووی پەیمانگا و کۆلیژی هونەرێ جوانکانی هەولێرم لە بەشی شانۆ/ نواندن ، هەڵگری بەوانامەی ماستەر زانکۆیی سەلاحەددین –هەولێر2022 بە ناونیشانی(ئەرکی پەداگۆجی نوێ لە نمایشی شانۆی منداڵان) ، نزیکەی لە 25-30 نمایشی شانۆ وەک ئێکتەر بەشداریم کردووە ،خەڵاتی باشترین ئێکتەری شانۆی منداڵان پەدراوە لە فیسڤاڵی شانۆی منداڵان لە هەولێر لە ساڵی2010، بەشداری چەندین نمایشی شانۆیم کردوە لە (تورکیا،ئێران،سوید ، ئەلمَانیا) لە ئێستادا مامۆستام لە بەرەوبەرایەتی چالاکی قوتابخانکان خزمەت بە جیهانی منداڵان و شانۆی قوتابخانکان دەکەم ، وەک دەبلێر کاری دەبلاژ بە دراما و فیلمە بیبانییەکان دەکەم ، سبارەت بە ئاشنا بوونم بە هونەری شانۆ دەگرێتەوە بە بنەماڵە و

خەزانەکەم کە چەندین هونەرمەندی تێدا پەروەردە بووە ، باوکم لەساڵی 1952 لە شاری هانیە وەک ئەکتەر دەستی گەراوە ، وە دوو خوشکی گەورەتر لە خۆم دەرچووی شانۆن و ئەکتەری دیارن ، جگە لە کەسە نزیکەکانی ناو بنەماڵەکەم کە ئەکتەر و شانۆکار و میوزیک ژەنی بە توانان بێ ئەو جیهان و ژینگەیی من تێیدا گەورە بووم زۆربەیان هونەرمەند بوون ،کە بە من بوونەتە رێنیشاندەر و شانازی .

*ئەوە لە خەزانەکی هونەرین تاچەند ماڵەوە هەکار بوون بە ئەوەی هونەری شانۆ هەبژێرت؟

- بەگومان ، کاریگەری زۆر ئەرێنییان لەسەرم هەبووە ، وە دایک و باوک و خوشک وبرا هەمیشە پاڵپشت و رێنماییکارم بوونە هەمیشە هەکاری بۆا بە خۆبوون و بەردەوامی منن ، ئەمەش وایکردووە بەردەوام بم و دانەبڕم هەمیشە کارەکەم ، پیشەکەم ، هونەرەکەم بە بەرزی سێبر بکەم و دەسەز بم بێیان .

*سەرەتا بە هونەری نواندن دەستت پێکرد بۆام لەم دواییەدا کاری دەرهێنانیشت کردوە زیاتر خۆت لە کامێیان دەبینتەوە؟

- هاستە چونکە من لە پێیمانگا و کۆلێژی هونەرە جوانەکان پسپۆری نواندنم تەواو کردوە، هەمیشە تواناکانی خۆم لە ئەکتەر و بەرجەستە کردنی ڕۆڵ بینیوەتەوە، بۆام هەر لەوە نەماوەتەوە دەستم بەکاری دەرهێنان کرد بە نمایشی شانۆی منداڵان کە لە فیستیڤاڵی چالاکی قوتابخانەکان نمایشکرا بە ناوی (سەمای کچە پەمەییەکان) هەستم کرد دەتوانم لەدەرهێنانیش سەرکەوتوو ببم تا بتوانم زیاترخزمەت بە هونەری شانۆ و نمایش و جیهانی منداڵان بکەم ، بۆای من ئەکتەری سەرکەوتوو دەتوانێت ببێە دەرهێنەر و هاهێنەری باش .

*هونەرمەندێکی دیار کراو هەیە کاریگەریان لەسەربەرزتان هەبووبێت؟

- کە وتمان هونەر واتە بە هەموو بەشکانییەوە بێە دڵەم، بۆا هەر هونەرمەندێک هونەرێکی ئاست بەرز پێشکەش بکات ، بەگومان کاریگەری دەبێت چۆڵی لێدەبینم و دەخەش دەبم .

*وەکو شانۆکارێکی ئەکادیمی لە ئێستادا شانۆی کوردی چۆن دەبینی؟

- بەداخەوە، شانۆی کوردی خەریکە بەرەو داماڵان و ڕووخان دەچێت ، بە تایبەت لە شاری هەولێر کە ئەوەش جێگای داخە .
*چۆن دەڤانیتە ڕەخنەو ڕەخنەگری شانۆ لە کوردستان ؟

- یەکێک لەگرنگترینی ئەو هەکارانەی کە لە کەمبوونگە دا لەپێشکەوتن و گەرانکاری ڕیشەیی دەستی باڵای هەیە، ڕەخنەیە تا ڕەخنە نەبێت بونیاد نابێت ، چونکە ڕەخنە ئاراستە و ڕێڕەوی ژیان بەرەوپێش دەبات وە گەرانکاری دروست دەکات ، وە چارەسەری ئەو کێشانە دەکات، کە بۆتە هۆی دەست نیشان کردنی ئەو کەم کۆیەیی لەو ناوەندە هەیە ، بەڵام ئایا ئەمە لە شانۆی کوردی ڕەخنەگرمان هەیە؟ ئایا شانۆکاران ڕەحی ڕەخنە لەگرتنیان هەیە؟ ئایا تا ئێستا دەرهێنەرانی کورد و شانۆکار لە حەزوو ئارەزووکانی بینەران شارەزان دەزانن ئەوان چیان دەوێت ؟ بەگومان تا ڕادەیەکی زۆر وەڵامەکان بە نەخێرە بەیە ناتوانین نەڵێین ڕەخنە گری ئەکادیمی و نە شانۆیەکی باشمان هەبێت، دەتوانم بڵێم ڕەخنەگری شانۆی کوردی بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن .
*تاچەند شانۆ کاریگەری لەسەر کەمبوونگا هەیە، ڕاستە شانۆ قوتابخانەی گەلێ ؟

- هونەر بە گشتی و هونەری شانۆ بەتایبەت کاریگەری بنچینەیی لەسەر کەمبوونگە و ژینگە و شێوازی ژیانی تاک هەیە ،شانۆ دەتوانێت گەرانکاری ڕیشەیی لە کەمبوونگە بکات ، بەشداربێت لە بەرەو پێش چوونی کایەکانی ووڵات ، لە پاراستنی کلتور، لە بەها کەمبوونایەتییەکان ، هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی ، هەستی نیشتمان پەروەری ،وە ئەوەی زۆر گرنگە زۆربەی دەروناسان و پەروەردەناسانی هاوچەرخ درکیان بە ڕۆڵی شانۆ کردوە لە پرۆسەی فێربوون و بە ڕێگایەکی کاریگەرو باش دادەنرێت بۆ پەروەردە کردنی تاکەکی تەندروست لە ناو کەمبوونگە . بۆیە شانۆ هەم ئاوێنەی گەلێ، هەم ئاوێتەی گەلێ .
*لەم دواییدا ماستەر نامەت لەسەر شانۆی منداڵان بەدەست هێنا ئەگەر بکرێت باس لە ناوەڕۆکی ماستەرمانەکە بکەیت؟

- تێزی ماستەر نامەکەم لەژێر ناونیشانی (ئێرکی پێداگۆجی نوێ لە نمایشی شانۆیی منداڵان) وەک یەکەم نامەی ماستەر لەسەر ئاستی کوردستان لە بابەتی (پێداگۆجی) بە پلەی نایاب پێسند کرا ، لەم تێزە ئەکادیمییە دا شیکاری بۆ سێ نمایشی شانۆی منداڵان کراوە، کە تاچەند شانۆ کاریگەری لەسەر پەروەردە و

فەرکردنی فەرخوازان هەیە ، کە لە ئاستادا لە ووتاتە پێشکەوتو خوازکان(شانۆ، دراما ،تەکنیک، سینەما) وەک گرنگترین هەکاری فەربوون بەکاردێن ،دەتوانن زۆرترین ئەنجام بدەن بە دەستەوە . وە کارم لەسەر خودی مامۆستا کردوە کە وەک ئەکتەر ڕوو دەبینێت بە مەبەستی فەرکردن، بۆیە پێویستی بە میتۆد و تەکنیک و لێهاتوویەکی زۆر دەبێت، گرنگی دان بە جەستە و دەنگی کە دوو بواری گرنگ لە شانۆدا، مامۆستاش لە پێل بتوانێ سوود لە شانۆی پێل ،ڕوو بینینی فەرخوازان ببینێ بە پرسیاری فەرکردن وەک(کەنفەشیەس) فەیلەسوفی یونانی دەڵێت " پێم بڵێ بیرم دەچێتەوە، نیشانم بدە دەنگێ بیرم بمێنێت ، بڵێ بیرم دەچێتەوە" ئامۆژگرنگی لایەنی کرداری و پراکتیکی وانە وتنەو پرسیاری فەربوون دەردەخات ، کە چیتر فەرکردن لە سیستمی بانکی پاولە فرێری نەهێلینەوە ،کە فەرخواز مشکی وەک بانک تەنیا زانیاریەکان وەربگرێت. دەبێت هەنگاوی نوێ بنێن بگەینە ئاستی ووتاتانی پیشکەوتوو ،لە پرسیپەروەردەو فەربوون فەرخواز سەنتەر بێت ، ڕۆخنەگر بێت ، داهێنەر بێت ،بەئامۆژگاری پێوستمان بە میتۆناسی (پێداگۆجی)ە، تا کارامەیی مامۆستا بگاتە ئاو ئاستی لەرگەی شانۆ ، چیرۆک ، یاری ، ژینگەیی ئازاد و چێژ بەخش فەرخوازی داهێنەر دروست بکات .

*چۆن دەڕوانیتە ئاستی شانۆی منداڵان لەکوردستان؟

-بەداخەوە ئاستی شانۆ بەگشتی لاوازە، کە ئەم خاڵەش گرفتی سەرەکی تەنزی ماستەرکڵاسە کە هەکارەکانی خراونەتە ڕوو. گرنگترین ئاستەنگ لەبەردەم شانۆی منداڵان و شانۆی قوتابخانە ئاستەنگی کەمایەتییە کە تەڕوانینی بۆشک لە خزان وایە کە شانۆ ڕەگێ خۆشکەرە تا فەرخواز لە وانەکان دور بکەوێتەوە ،ئەم ڕوانگە هەڵەیش بە داخەوە بە شکستی فەرخواز کۆتایی دێت، هەروەها مامۆستا و بەرپرسیاری قوتابخانەکان تەنانەت بۆشک لە پسپۆرانی پەروەردەش بۆشدارن لەو ئاستەنگە ، چونکە شارەزایی چەمکی شانۆیی پەروەردەیی نین ، کە شانۆ هەکار و گۆڕانکاری گونجاو باشە بە سەرکەوتنی پرسیاری فەرکردن. خودی شانۆکاران و مامۆستایانی شانۆش لە وئاستەنگیە بەدەر نین ، زۆربەی دەرچووانی پەیمانگا و کۆلێژی هونەری جوانکان لە بوارکانیان دوورن و تەنانەت وەک مامۆستاش ئامادە نین وانەی هونەر بە گرنگ سەیر بکەن لە قوتابخانەکان ، بە داخەوە بەئاگان لەوەی هەموو وانە زانستیەکان بە ئەوەی بە سەرکەووتوانە بە ئامانج بگات

دەبێت بە هونەری شانۆدا تێپەر ببیت ،چونکە پێشەی مامۆستا بۆئاگا یا بە ئاگایانە خۆی لە ئەکتەر و نواندن دەبینێتەوە .


*ئایا هەموو حەزو ئارەزووەکانت لە شانۆدا بەدیهاتوون؟

- ناتوانم بیربکەمەوە ئەگەر شانەکار نەبم ، دەبوایە چی بام؟ هونەر و شانۆ ئەو رەگایەیە کە هەرگیز هەستم نەکردوە پێشیمان بم لە هەبژاردنیان .

*ئەمە زۆر سوپاست دەکەین بۆ ئەو دەرفەتەی بۆ ئەمێت بۆخشی هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازین.

- منیش رۆز و خۆشویستیم هەیە بۆئەو بەسەر کردنەوەتان.

هەڤپەیڤین – **کامەران حاجی ئیلیاس**







سروود وەک فاکتەری دڵدان.. سەردار جاف

پێشەکی

پێش ئەوەی ڕەچنە نێو باسەکەمانەوە دەمانەوێت لەوەها هەنگاوەکەوە دەست پێبکەین کە دەبنە هەکاری سەرهەڵدانی سروود و خودی سرووديش دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی دڵدان بە بەرخودان و هەڵگیرساندنی شۆش و ڕاحی گیانبازی لای تاکی کۆمەڵ ، ئیدی لە پێناو پرسێکی دەستنیشانکراو دا ژیلەمۆیەکی ڕووە و خەفەوە بوو دەکاتە بورکانێک و دامرکاندنەوەی زەر زەحمەت دەکات ئەگەر ئەو شۆش و ڕاپەڕینە بە ئامانجە دیاریکراوەکانی نەگات .

کەواتە سروود لە نەوەی سیاسەتە ودەتوانین بڵێین سیاسەتە بە باوکی هەر یەک لە (جەنگ و شۆش و ڕاپەڕین) دادەنرێت ، و بەر لە دەسپێکی هەریەک لەکەڵانی سیاسەت و گرتنەتەری تەژمی خونەرَشتن ، ڕەگاگەل ورەوشونی ئاشتیانە و دیپلەماسیانەی هەمجەر هەن دەبنە مایەی دوور خستنەوەی گیان لە دەستدانی مرۆڤکان ، کە دانوستان و دەمودووی سەر مێز هەن شانۆکەوی پرسکان دەکرێت و لە لایەن دوو لایەنی نەیارەوە دەخرێتە پێش چاو بە توژینەوە و بەرچاو ڕوونی و دوورکەوتنەوە لە خونەشتن ، ئەو کات هەر لایەنە وهەم بیروبۆچوون و بیروڕاکانی لایەنی بەرامبەری لا گەڵالە دەبێت ، هەم لە تەوانین و ڕامان لەو بیرویۆچوونانە ئامانج و مەبەستەکانی تا ئاستی بە دەستهێنان و کەموکوڕی لاڕوون دەبێتەوەو هاوکات لێکدانەوە و شرۆڤەی ڕەوشکە دەخاتە پێش چاو ، جگە لە ئامادەسازییەکانی تەکنیکی سەربازی و ئابووری و کاردانەوەی لای خەڵک و زەر شتی دیکەی جەنگ ، ئامادەسازییەکانی سرووديش لە بەرچاو دەگیرێت کە لە زەربەی شەرکان بە لەشکرێکی تایبەتی ناوزەد دەکەن .

ڕەنگە هەندێ لە ژانرەکەمان دوور بکەوینەوە و پەل بە ئەملاولا بکوتین لە هەر سیاسەت بە سروودەوە پەیوەستە ، بەڵێ زەروورەتە بە کورتی تیشکی بخەینە سەر ، پەیوەست بوونەکەیش بەم جۆرەیە :

سیاسەت, جەنگ, شۆش, ڕاپەڕین, سروود

سیاسەت چییە ؟

((دەربەی پرەسیسکی دروستکردنی بەیار و دابینکری ـ ملزمی هەر کۆمەڵگایەکە و بەها مادەی و مەعنەویەکان لە خە دەگرێت و ئاماژەیەکە بە داواکاری و گوشاربەکاربردن لە ڕەگای بەدەستهێنانی

ئامانجەکان لە چواچێوەی پلانی تاکەکان و کۆمەڵە و دامەزراوەکان و دەستەبژێرەکان بە پێی ئایدیای دیاریکراوی خۆیان لە سەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ، سیاسەت بە خوی پێوەندی نێوان میر و رەعیەتە کە حاکم دەسەڵاتێکی باڵایە لە کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی ، دەسەڵاتی سیاسی بە واتا باڵادەستی تواناکان بە سەر رەعیەتەکاندا ئیدی کار بکەن یان کار نەکەن لە جەرگەکەدا بیانووە ئەنجامی بدەن یان نەیانووت)) .

سروود ، وەک هەزی مقاومەت و بەرخودان و فیداکاری تەکمەتر دەکات لە پەناو پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانی و ئاینییەکان بە هەمان شێوە دیفاکتۆیەکی گرینگی بواری سیاسی و فاکتەرگەلی هوروژاندنی هەموو پرسکانە ، بە ڕەحمکی حەماسییەتووە لە بەردەم شاڵاوی غەدر و غوبن و خیانەت و چەوساندنەوە دووستەتوە ، هاوکات سروود لە جەنگی نێو دووەتاندا ڕەڵی سەرەکی بینیووە ، ڕەنگە زەرمان سروودەکانی شەڕی عەراق و ئێرانمان بە بیردا بێت ، تەنانەت سروودی وا هەبوون سنووری جەنگەکانی دەبەزاند و لە لایەنی بەرامبەرو لای تاکەکان دەگوترانەوە . هەروەک ئاماژەمان پێدا و باسمان لە (جەنگ و شەڕش و ڕاپەڕین) کرد پێمان باشە بە کورتی لە سەر هەریەک لەم حاڵەتانە بدوێین .

جەنـــــــــــــــــگ :

پێمانوایە ڕەچوونە نێو وردەکارییەکانی سیاسەت مەودایەکی دوور و درێژی دووەت و بە ئەنجامیش ناگەین و هەر ئەم بە ئەنجام نەگەیشتنەی خەکیش ڕووە و جەنگی بەردوون ، بە ئەوەی دوور نەکەوینەوە و هەر لە سنووری خەمانەوە دەست پێبکەین ، جەنگی عەراق و ئێران بە درێژترین و خوناویترین جەنگی سەدەی ڕابردوو دادەنرێت ، کە زیاتر لە یەک ملیۆن مرۆڤی تێدا کوژراوە و 400 چوار سەد ملیار دولاریش تێچووی ئەو جەنگە بووە ، هەروەک گوتمان پێش جەنگ کۆمەڵە دانوستان و گفتوگۆ هەن بگیرێتە بەر بەرنامی لەم جەنگەدا ئەگەر بەراورد بە خودی جەنگەکە بکەین هەست دەکرێ نەوبژیوانی لە نەوانیاندا زەر کزو لاواز بووە و هەردوولایش مەیلی جەنگیان هەبووە ، ئیدی هەر یەکەو پاساوێکی بە خۆی هەناوتەوە سیاسیانە هەوڵی چەواشەکاری و چاوبەستی خەڵکی خۆیان کردووە و ئالییەتی شەڕیان خستەگەڕ و دواتریش سروودبێژان بە جەنگەکە و هاندانی خەڵک بەرەو بەرەکانی شەڕ سروودی حەماسییانەیان چێوە زەر جاریش بە باڵای دەسەڵاتداران سروودەکان گوتراون ، ئەستایشی لە گەڵ بێت راست و دروستی جەنگەکە نادیارە و لە ناوخودی عەراقدا دوو بەرە هەن بەرەیەکیان باس لە ڕەوایەتی دەکەن و بەرەکەی دی پێچەوانەن .ئەمە

مشتەکە لە خەروارێک کە زۆر نزیکە لە خەمان و لە نێو رووداوەکانیدا ژیاوین ، بینیمان کە سروود چ هەڵایەکی دروست کردبوو لەو سەردەمەدا چ لە عێراق چ لە ئێران ، کەواتە سروود ئالییەت و میکانیزمێکی هاندان و دڵدانەوە بۆ بەردەوامی جەنگ .

شـــــــــــــەش :

شەش بە دەستەواژە سیاسییەکەی بەواتا قورتار بوون لە ڕەوشی هەنووکەیی چەقبەستوو و گواستنەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی باشتر یان خراپتر ، شەش هەرچەندە بە خۆی دەستەواژەیەکە سۆسیالیستەکان دایانهێناوە و بەمجۆرە لە چەندین وڵاتدا شەشی چەکداری ڕوویداوە جگە لەوەیش شەش لە چەند جۆرێکدا خۆ دەبینێتەوە لەوانە :

1 ــ شەشی کێنباو ، کە شەشی فەرەنسی 1789 بە یەکە لەو شەشانە دادەنرێت .

2 ــ کودەتا سەربازییەکان کە لە لایەن سەرکردە سەربازییەکانەوە ئەنجام دەدرێت .

3 ــ شەشی نیشتیمانی دژ بە داگیرکەری ئیستیعمارین لەوانە شەشی خەڵکی جەزایر .

4 ــ شەشی نەتەوەیی کە دەسەڵاتدارانی هەر یەکێک لەو وڵاتانەی لە چەند نەتەوە و زمان و ئایین پێکدێن و زۆرینەی دەسەڵات پشتڵی مافی ئەوانی دی دەکات و هەوڵی سینووی خاک و ناسنامەی دەدات ، لەوانە ، شەشکانی کورد و فەلەستینییەکان و پێنگەکانی تامیل و بیابانی ڕۆژئاوا و ناکۆرنە کەراباغ و چەندانی دیکە .....

هەر یەکە لەم شەشانە زەمینەی لە بار و ڕسکاوی خۆی هەیە و بەدەنگەوە چوونی خەڵکی هەیە و بە هەمان شێوە سروود لەم شەشانەدا سەرقافڵەن و لە پێناو مەبەست و ئامانجێکی پیرۆز سەر هەڵدەدات ، دژە بەین پیرۆزی لەم شەشانەدا بوونیان هەیە چونکە زاڵم و زۆردار ئەوانی دی دەچەوسێننەوە و کورسی فەرمانڕەوایەتی توندتر دەگرنە دەست . هاوکات هەقی خەڵکی دی پشتڵ دەکەن بۆیە سروود لەم حاڵەتانەدا گیانی خۆفیداکردن گشتگیر دەکات .

ڕاپەڕیـــــــــــــن یان ڕابوون :

هەرچەندە هێندێک پێیان وایە ئەمەیش لە بازنەی شەشدایە بەڵام ئەمە پەمان وایە هەم لە ڕووی سیستماتیکی گیانی ژیان و بەرخودانکانەوە هەم لە ڕووی گیانکاری بە سروودەوە جیاوازە لەو شەش ، چونکە لە شەشدا سروودکان حەماسین و نها ئەو حەماسییەتە وا سەردەمی بە سەردەچێت و سروودی هەمن و ئارام و لە سەرخۆ جێی دەگرێتەوە ، کەواتە لێرەوە بەمان ساغ دەبێتەوە کە سروود بە پێی سەردەمەکان گۆتراوە ، ئەگەر دیقەتی سەردەمی شەی چەکداری و مقاومەت بدەین سروودکانی پە لە تۆنی حەماسییەت بووە بە

شەگۆران گۆتراوە و ئەستایش کە سەردەمی رژانە سەر شەقامە سروودەکانیش بە پێی سەردەم هەوێی کێبوونەوەی حەماسیەتی بە دراوە . ئەوەی پێی دەوتری بەهاری عارەبی و سبەینەش دەشە بە پایز بە شۆن و وەاتانی دی وەسف بکرێ ، ئەو قەناغە گەانکاری و بەرەو پێشچوونانەیە کە پێشتر و زوو لە فەلسەفەکانی سۆسیالیستی دەمانخوێند و کەچی بەو دیدەی ئەوان نەشکایەوە و بە ئاراستەیکی دی هەنگاوی نا .

سروود چیە ...؟

زۆرجار لە هزرماندا بیر دەکەینەوە ئاخە سروود چیە ... ؟ بنەماکانی چین و ئاخە هەریەکەک لە ئبَەمە ئاسایی ببێتە سروود بۆژ چونکە زۆرمان پەمانوایە سروودبۆژان چ دەنگێکی بە سازو خۆشیان نییە ، گەێکی حەماسیە و هەدەقوەت ، هەوەدەدەین ئەرکەکانی سروودبۆژ و ماهیەتی سروود روون بکەینەوە و جەخت لە لایەنە شاراوەکانی بکەین ، هەرچەندە بە خەی بە سەرەتایەکی سانا دۆزمەردرێت .

سروود بە خەی دەنگێکی هونەری سروشتیە پێشکەش بە خەکی دەکرێت و هەر یەکەک بە پرسە هەستیارەکەی سوودی لەوەردەگرێت و بە چەژ وەرگرتن لە سروودەکان گیانبازی لا دەخوەقێت ، چونکە گوێگرتن لە سروود خەی لە خەیدا تەقینەوەیە بە رووی زوەم و زۆرداری و رەتکردنەوەی بندەستیە ، ئەمە بە سەردەمانی پێشوو باو بوو ، ئێستا بە ئەو بەهار و پاییزانەی دەنێ ئارا سروود بە ئەوە چەژی لەوەردەگیرێت کە مافی مرۆیی و هاوەاتی بوون هەبێت و باەدەستی دیکتاتۆریەیت رێت بکاتەوە ، کاتێک زوەم و زۆرداری و چەوساندنەوە و پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ و تاکی کەمە قەبەستکردنی ئازادی و لە پێکەوتنی بیروراکان و هەناسەکێشانی ئازادی بیری نەتەوەیی و چینایەتی و هەژماردنی مرۆڤ وەک مرۆڤ لە نەخشەی ژیانی رۆژانە دەستدەتەوە ئەو کاتانە مرۆڤەکان لە هەولە و کەششدا دەبن بە نەهێشتنی ئەو کەمدانانەی دەرگاکانی سەرفیرازی ، سروود بە هەر شێش و رابووون و راپەینێک نەخشە رێگای جەشدانی شێش و راپەینەکانە .

سروود بریتیە لە پارچە مۆزیکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی و ئایینی وروژاندن و هاندانی پەوە دیارە و بە بۆژن و باەای نیشتمان و نەتەوە وخەباتی گەلەکەیدا هەدەدا ، سروود و گۆرانی دوو ناوی یەک کرەکن ئەویش لۆرانەوەی وتەی کەشدار و بە کەش لە سەر ریتمێکی دیاریکراو لاواندنەوەکەیشی هاوتەریب دەبێت لە گەە مۆزیکدا هەندە جاریش بە بە ژەنینی مۆزیکیش دەچێت ، ئەوەی باوە لە سەر دەستواژەی تەکنیکیدا باوە هەگوتن بە نیشتمان و نەتەوە و ئایین

پەی دەگوترێ سروود و ئاوێشی بە بژن و باڵای جوانی و خۆشەویستیدا هەڵدەڵێت پەی دەگوترێت گۆرانی ، بە پەی سەردەم و ڕۆژگارەکان هەر یەک لەم دوو ناوە (سروود و گۆرانی) هەر جارەی یەکەکیان لە بڕەودا بووە و لە ناو کۆمەڵکی دیاریکراودا باو دەبێت ، بە نموونە لە سەردەمی سەرهتای ئیسلامدا ناوی سروود بۆژان پەرەسەندووتر و گۆشکردووتر بووە لە گۆرانیبێژان ، بەم پێیە دەتوانین بڵێین قۆناغەکانی (جەنگ و شۆش و ڕاپەڕین) ن ، کە گۆشە بە سروود دەدەن ، و گۆرانی لەم زەمەنەدا باوی نامێنێ و هەکارەکانیش زەرن ، بە نموونە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و شۆڕەی عەراق ئێراق و بەردەوامی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد وایکرد بوو هەموو ماڵێک یان هەموو خانەوادەیەک یا دوو و زیاتر قوربانی هەبێت ، کەست کەوتنیش وەک دیارە و باوە لە کۆمەڵگاکاندا ، سەردەمی گۆرانی بە تەواوی دەستەوە و تاکیش یان زۆر لە ئەمە و مانان بە چەژ وەرگرتن لە ئاواز و مۆزیک لە بەر خۆوە وێنەیەکی میلەدی تەدا ڕوو دەدات و ڕەنگە بە هەی ئەو داب و نەریتەی کۆمەڵگاوە نەنگ بێت یان بکەوێتە بەر تانە و تەشەر کە لە بەر خۆوە گۆرانی بێت ، ناچار پەنا بە سروود چێین دەبات و سروودیش بە خەی جۆرەک لە هەچووونی شۆشگەی دەوروژنەت نەخاسمە بە ئەو خانەوادانەی یەکەکیان لە سەنگەرکانی پێشمەرگایەتی لە دەست دەدا یان ڕەیەکیان بە هەی ئینتیمای سیاسی بە یەکە لە گروپە سیاسییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییمان لە سەدارە دەدرا ، کە زەربەی شەهید و قوربانییەکانی ساڵانی هەشتاکان لە ناو کورددا لە سەدارە دراون و دوای ئەوە شەهیدانی سەنگەری پێشمەرگایەتی دەن و پاشتر ئەو شەهیدانە دەن کە لە شۆڕەی عەراق ئێران گیانیان لە دەست داوە ، لە سەردەمی ئیمەشماندا هەرەمی کوردستان لە سایەی ئەو خۆشگوزەرانییەوە ناوی سروودبێژەکانی لە بیرکراوە و تەنها گۆرانیبێژان بەدەر کەوتوون و بە ڕۆژگاری ئەوان واتا گۆرانیبێژان لە قۆناغم دەدرێت و زۆرێک لە ئەمەی ئەدیبان گلەوگازندەمان زۆرە کە دەستەات ئەو بایەخەی بە گۆرانیبێژی و هونەرمەندی دراما دەدات بە نووسەرانی نادات ، لە کاتێکدا نووسەرانیش هەوێنی بەرهەمەکانیان .
سروود لە کەی گشتیدا میلەدییەکە بە پەی بنەچە ئاوازییەکەی دەستاو دەست دەکرێت و لە کاتی جەنگ و شۆش و ڕاپەڕینەکاندا دەگوترێنەوە و لە گۆڕەک و بانان منداڵان لاسایی ئەو کاتانە دەکەنەوە و سەنگەر لە یەک دەگرن و جاروباریش یەک دوو منداڵ ئەو سروودە هەژێنرانە دەڵێنەوە ، سروود لە بنەڕەتدا پەیوستە کەسی دەنگ خۆش و بەسۆز و حەماسی بیەوێتەوە ناکرێ هەر یەکەک لە ئەمە هەستێت و سروود بچرێت لەناو کورددا ئەو دەنگانەی زیاتر بە سروود لەبار بوون ، (شڤان

پەروەر ، تایر تەفیق ، ناسری رەزازی ، لالە رەنجدەر ، ئازاد خانەقینی ، کاوە ، نەجمەی غوڵامی ، فواد ئەحمەد ، ئیبراهیم محەمەد ، کامەران عەبدولڕەحمان ، تاهیری خەلیلی ، وهتد)
بەداخەوە تا ئێستا لە ناو کورد دا تیپێکی مۆزیک تایبەت بە سروودمان نییە کە ئەم ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە تیپی سروودی نیشتیمانی دابمەزرێنێت و بڕوای پێبدا ، چونکە پێڕە سەندنی گۆرانی و لێبار بردن و جاڕدانی مەرگی سروود خێی لە خێدا ڕەحەنە نیشتیمانیەکە لە ناو تاکی نەوەی دادە دەسرَێتەوە و ئەو گیانە نیشتیمانی و نەتەوەییە لە بار دەچێت لە کاتێکدا ئەم تا ئێستا لە شۆشێکداین بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ .
سروود لە کۆمەڵە بنەمای تەکنیکی هونەری پێکهاتووە هەر ئەمەیش وای کردووە کاریگەری بەسەرەوە هەبێت ، لە سەرەوە بە وردی هەموو ئاماژە بوون بە سەرهەڵدانی سروود و ئەو هەکار و فاکتەرانە چین سروود دەننە ئاراوە و ئێستایش چاکتر وایە لە پێکهاتەی سروود ورد ببینەوە ، سروود لە چەند پێکهاتەیەک دروست دەبێت کە ئەمانەن :
ا ـــ سروودبێژ ، تاکە دەنگێ بە تەنها سروودەکە بە لەرەو حەماسەتەوە دەڵێت و ئاگەر جووڵەی شۆشگێری و ڕاپەڕین و جەنگ بنوێنێت ئەوا زیاتر سەرنج ڕاکێشتر و حەماسیتر دەبێت .
ب ـ کۆراڵ ، ئەو کۆمەڵە دەنگ ساز و خێش و گۆڕانەن کە لە پاش سروود بێژەوە سروودەکە دەڵێنەوە .
ج ـــ بەیار ، ئەو گۆرانی دەنگێیە لە نزمەوە بەرەو تونێ و ڕەق دەڵێوات .
د ـ وەڵام ، ئەو دەنگێ هاوارێیە کە سروودبێژ دەیچڕێت و وەک ئەوە وایە لە دوورەوە دەنگێک ببیستیت .
ه ـ هۆلۆ ، یان سبرانو ، جوولەیەکی لاساریی بە تایبەت بە ئەوەی تازە دەست بە سروود گوتن دەکەن ، دەنگێکی نزمە وەک ئەوەیە گوێبیستی دەنگی منارەک دەبیت لە نزیکەوە .
و ـ هارمۆنی ، دەستەواژەیەکی ڕێژاواییە و لە گۆرانییەکانیان بە کاری دەهێنن و هارمۆنی هاتنە ناو زانستی سروودەوە بە گۆڕینی چەمکی ئاوازەکەی . لە چەند چینێک پێک دێت ، بە دەنگی ئاسایی دەردەبڕن ، ئێستا بە دوو چین ناسراوە .
1 ـ چینی یەکەم ، ئەو دەنگێیە لە گۆرانەکە دەبیستریت ، ئاوازەکی جیاوازە لە چینی سروودەکە دەنگ هەڵبێنەک دەدات کە چۆڕی لەوەردەگیرێت .
2 ـ چینی دووەم ، ئەمەیش جۆرە دەنگەکە نە بەرز دەبێتەوە نە نزم لە بەرزبوونەوەی ئاوازەکە ، کێشکی جگیری دەبێت .
ز ـ باکگراون ، ئەو دەنگانەیە لە پشتی سروودەکەوە گوێبیستی دەبین

، چینەکە لە هەموو ئاوازی سروودەکە جیاوازە و بریتیە لەو هاتوهاوارە بەرزبوونەوە و دابەزینەی .
ح – وروژاندنی دەنگ ، ئەو دەنگ هاروهاژاندن و کاریگەریانەیە لە دەرەوەی سروودەکە هەن ، وەک دەنگی تەقینەوە و باران و دەنگی فرۆکە و..... تاد هتد .
هەرچەندە ئەمە شارەزاییەکی هونەری گرانی و سروودمان نییە و چاکتر وایە ئەم لایەنە بە ئاواز دانەر و مۆزیکژەنەکان دابنێین ، وەلێ ئەمە تەنها وەک ئاماژەیەک وەبیرهێنانەوەیەک پەکهاتەی سروودمان خستە بەر دیدتان . هەروەها لە سروودا پسپۆڕی دەنگ هەیە ئەویش بە شارەزایانی ئەندازیارانی دەنگ جەدەبین ، لە گەڵ ئەویشدا هارمۆنی کۆمەڵە چین و گامەی هونەری تەدایە کە هەر یەکە بە ناوەک و دەستەواژەیەکن ، هەروەک گوتمان مۆزیک ژەنەکان پسپۆریان لەو بارەوە هەیە .
لە سروود دا هەندە جووڵە و ئاماژەکانی سەر هەن پەیوستە سروود بژ ئاشنایەتی لە تەکدا هەبێت ، بە نموونە لە کاتی وەستانی تایبەت بە گرانی و سروود پەیوستە خەی و کەڵاڵ بە ئەندازەیەک هەردوو پەیەکانیان لە یەکدی جیا بکەنەوە ئاماژەی حەماسییەتی تەدا بێت دەستەکان بە گورج و گۆڵی و بە تینەوە بجووڵێنەرێت و سەر بەرز بکرێتەوە و بەملاولادا جووڵەی پێبکرێ و پێوی چاوەکانیش لە کاتی پەویستدا دابخرێن و هەڵببڕێن جارەک لە سارنج راکێشان بخولقێنێت .

سروود و سروودی نیشتیمانی

خەسڵەتە بنچینەییەکانی سروودمان لە سەرەوە خستە روو کە لە رووی هونەرییەوە رەنگە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان سروود و سروودی نیشتیمانی نەبێت ، سروودی نیشتیمانی ئەو پارچە مۆزیک و دەنگییە کە لە بەنە نیشتیمانی و نەتەوەییەکاندا پێشوەختە بەکاردەبرێت ، سروودە نیشتیمانییەکان بە شێوە جیاجیاکان لە بەنە جیاوازەکانیش بەکاردەهێنرێت ، لە جۆرنە نیشتمانییەکان و ئاهەنگەکان و لە هەندە وەاتیش لە بەنە وەرزشییەکان و دەسپێکی رۆژانەی قوتابخانەکان وەک باوەکی نیشتیمانی کە رەحی نیشتیمانی و نەتەوەیی لای منداڵانی وەاتدا هەمیشە جێشی پەدەدات و هەموو سپەدەیەک بە گوێیاندا دەزرنگێتەوە ، لە هەندە وەاتی دیکەیش سروودی نیشتیمانی لە پێش دەسپێکی شانۆگەری و فیلمی سینەماکان لەدەدرێت ، زەریش لە ئەزگە و تەلەفزیۆنەکان وەک نەریتەک لە گەڵ کردنەوەی ئەزگە لە هەموو سپەدەیەکدا و لە گەڵ داخستنی ئەزگە لە دوا دوای شەودا بە کاری دەهێنن و لەدەدرێت ، بەڵام بە داخەوە لای ئەمە زەربەی ئەزگە و

تەلەفزیۆنەکان سروودی ئایدیاکەی خۆی لەدەدات و ئامادە نییە سروودە نیشتیمانیەکەمان لە بدات ، ئەگەر بڵێن بلوە سروودی عێراقی لە دەدەن .
ئەم سروودە لە هەندە وڵات بە سەاوی کەماری یان سروودی شاهانە یان سەرکایەتی ناسراوە ، ئەمەش وای لەهاتووە بە هەموو کارێک و جگەیەک سروودێک هەبێت ، سروودی پارێزگاکان و هەرەمەکان .
جیاوازی لە بەکارهێنانی سروودی ئاسایی و سروودی نیشتیمانی ئەوەیە لە بەکاربردنیا ، کە سروودی نیشتیمانی هەموو رۆژێک بەکار دەبرێت و زەرجار رۆژانە گوێبیستی دەبین ، سروودی ئاسایی یان بە دگمەن گوێمان لە دەبێت یانیش لەو کاتانەی دیاریمان کرد ((جەنگ و شەش و راپەڕین)) کەسان بە بەردەوام گوێبیستی دەبین ، کەواتە بە دنەدان و هاندانە بەڕەو ئەو سە حاڵەتە .
مۆژووی سروودە ئاساییەکان کۆنە و بە بڕ لە ئیسلام دەگەڕێتەوە ، بەڵام سروودی نیشتیمانی لە سەدەی نۆزدەدا بایەخ و گرینگی خۆی بە دەستهێناوە ، لە هەندەکیان زەر لەم مۆژووە کۆنترە ، کۆنترین سروودی نیشتیمانی ناسراو و دیار ، سروودی نیشتیمانی هەندیە بە ناوی (هیت گەشینگ) کە لە نێوان ساڵانی (1568 ــ 1572) لە میانەی شەشی هەندەادا نووسراوە ، هەروەها سروودی (کیمی جا یە) ی ژاپۆنی) کە وشەکانی لە قەسیدەیەک وەرگیراوە لە میانەی حوکمەانی (هیان) لە نێوان ساڵانی (794 ــ 1185) نووسراوە ، بەڵام بەم جۆرەی ئێستای تا ساڵی (1880) بەکار نەهاتووە .
هەرچەندە ئیبراتۆریەتی عوسمانی لە سەدەی سیانزەدا باسی لەوە کردووە کە سروودی نیشتیمانی جیاواز بخرێتە جێبەجێ کردنەوە بەڵام تا سەدەی نۆزدە سروودی شاهانەی نێبووە ئەمەیش لە کاتێکدا بڕ جێستە بووە کە دوای ئەوەی هێزی سەربازی رێکخستووە و تیپی جێق ومۆسیقای سەربازی دامەزراندووە لە سەر شەوازی رۆژئاوا ئەوەیش لە سەر دەستی سوڵتان مەحموودی دووەم بووە .
ئەوە ماوەتەوە بڵێین کە لە هەندە وڵاتدا سروودی نیشتیمانی یان سروودی شاهانە بە شان و شەوکەتی میر و پادشا و سەرێک و ئایدیۆلۆژیاکانی حوکمەاندا دەگوترێت ، بە تایبەتی وڵاتانی کەندا و ئەو وڵاتانەی دیکتاتۆریەت خۆی بە سەر خەڵکەکەدا سەپاندووە ، (وگن المدی) ی سەردەمی رۆژهەی پێشوو باشترین بەڵگەی بەردەستمانە لەم بارەیەوە .

جیاوازی نێوان سروود و گۆرانی :
لە سەرەوە باسمان لەوە کرد کە سروود بە نیشتیمان و نەتەوە و ئایین دەگوترێتەوە و گۆرانیش بە جوانی و ئەوین و عیشقی دەداری

دڵگوترێتەوە ، هەرچەندە هەندێک پێیان وایە جیاوازی نامانە لە نێوان سروودو گۆرانی بەو پێیەی ریتم و ئامێری مۆزیکیش بە سروود بەکاردێت ، بە تایبەت لەم ڕۆژگارەیشدا کە سروودی هەمن و ئارام و لە سەرخۆ هاتنە ئاراوە و سروودی حەماسی ئەو باوەی نامانە ، بەڵام سروود هەر لە قاڵبدانی خۆی جێگیرە و گۆرانیش نامازە لە ئیمەدا پانتاییەکی ئۆتۆی گرتووە و سیناریۆی وا داڕێژراوە بە گۆرانی ئەگەر سروود هاتبێتە جێی گۆرانی زەمانی زوو و پێشتر ئەوا گۆرانی زیاتر پەڕەی سەندووە و گۆشەی کردووە ، بەیە ئەو جیاوازییانە هەر هەن ، ئێمڕە کەم گۆرانی هەیە کەرامەی هەبێت کەچی بە زۆری کەرامەی هەیە و هەندێجاریش بە کەرامەت ، ڕیتمی سروود ڕیتمێکی سەربازی و شەرانگێزیە لە بەرامبەردا ڕیتمی گۆرانی ڕیتمی ئاشتبوونەوە و دۆست لە مل کردنی ئاشقانە ، گۆرانی زەرجار وا ڕەک دەکەوێت کێچ و کورەکە بە یەکتری دەڵێنەوە ، تانی گۆرانی لە میلۆدیەکەیەوە بەدەر دەکەوێت و نەرم و نیانی و باسکردن لە لار و لەنجە و قژی کاڵە و چاوی کژاڵە زەقبوونی گۆرانی دەردەخات و دەنگی زبرە تانی بەرز و نزمی سروود و کەرامەت و نەزمی سەربازی گیانی سروود زیاتر بە دەردەخات .
سروود هاندان و دڵدانە بە گەیشتن بە شەهادەت و سەرفیرازی لە پێناو نیشتیمان و نەتەوە و ئایین کەچی لە بەرامبەردا گۆرانی هاندانە دڵدانە بە ئەوین و دڵداری و عیشقی خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگەزی لە یەک جودا کە کەتاییەکەشی گەر بە یەکگەیشتن بێت بە پرسیەکی سیکسی کەتایی پێ دێت . گۆرانی لە سەردەمی ئاشتەوایی و خۆشگوزەرانیدا پەرە دەسەنێت و لە کاتی جەنگکاندا مردنی جاڵ دەدرێت ، کەچی سروود لە جەنگ و شەڕش و ڕاپەڕین بست بە بست باڵا دەکات و لە ئاشتیدا مردنی جاڵ دەدرێت .

دەرئەنجام :
لە ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەمان ساغ دەبێتەوە کە سروود بە هەموو پەوەرە هونەری و تەکنیکی و وشە و ئاواز و ریتم و داڕشتنی دەقەکانیەوە هاوڕدانە بە نزیککردنەوەی گەنجان و خوێنگەرمانی پرسە سیاسیەکان بەرەو ڕووی خەبات و مقاومەت و گیانبازی لە پێناو ئامانجێکی پیرۆز کە لە هزریدا باوەڕێکی بتەوی پێی هەیە و گیانیشی لە پێناودا بە قوربان بکات باکی نییە ، ئەگەر گیانفیداکردن لە پێناو ئایدیۆلۆژیەتێکی سیاسیش بێت ، گرینگ قناعەتە و ئەو سروودانە دەبنە هاکاری دڵدان و ڕووژاندنی حەماسەت ، زۆر بە ئەم پرسە دوور ناکەوینەوە شەی ناوخۆی کوردستان باشترین بەڵگەی بەردەستن کە زۆر کەس و ئەستایشی لە گەڵدا بێت لە پێناو

ئایدیۆلۆژییەتی قەناعەت پێکردن و باوەڕ بوونی بەو ئایدیایە بە سروودێکی حەماسەتەوە ئامادەیە خۆی بە قوربانی بکات ، کەواتە سروود هیچی کەمتر نییە لە فیشەکی جەنگاوەرێک کە لە بەرەکانی جەنگەوە بە لایەنی بەرامبەری دەنێت ، لە زەر وەاتیش سروود بە لەشکرێکی دیکەی سەربازی لە قەڵەم دەدەن .
لە کۆتاییدا دەڵێین کە لە سەرەتای شەڕش و بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەییمانەوە لە 11 ی ئەیلوولی 1961 ەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات سروود ڕەنگی بەرچاو و دیاری بینی لە هاندانی گەنجان و لاوانی نەتەوەکەمان بە ناو سەنگەرەکانی پێشمەرگە و بەمەیش هەر خانوادەیەکی کورد مڵژوویەکی سەرفیرازی بە خۆی تەمار کرد و ئەو سروودانەی کە بە ئەو بزاڤە نەتەوەییە گوتراون وەک گیانی ئەو شەهیدانە بە زیندوویی لە هزری هەر یەکێکمان دەمێنێتەوە .

بە ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودم لە (ویکیپیدیا الموسوعە الحرە) لە ئینتەرنێت وەرگرتووە .

شنەی بەهار دەخەوێ.. ستار ئەحمەد

بەدەم خەندەی گوڵەوە
شنەی بادەخەمەوە
لەکوێی جەستەمدا
گوڵ لەدەنگی تۆ بگرم
بوومەتە پارچەی شکاوی شووشە
هەر کەرتێکم لە تۆدا
خۆی دەکاتە هاوەڵی مردن
بەرەو کوێ تەرمم هەڵدەگرن
لەپاڵ کام داردا دەمشێنەوە
چۆن تەلقینم دەخوێنن
من خەم دارەمەیتەکم
لەژاڵەی بەر دەرگەی ماڵەکەتان
سازیان دام و

بەبەرامەی تۆ
بزەیان پێبەخشیم
لەخۆم ناگەم
لەتۆشدا گومان دەمگەستێ
چاوەوانی دەمفڕێنێ
ژوان ئاڵای بەربەستم بێ هەدەکا
خۆزگە بەخۆر دەمپێچێتەوە
دابێان بەچارەنووسی بەردم دەسپێرێ
لەچیدا شانەی بەخشین بنوێنم
لەکام شەگەدا
پریاسکەی تاسە بکەمەوە
تازە رابوورد
ئەو کاتانەی بەدوو دەست
لوتکەمان دەگووشی و
خاکمان ماچ دەکرد
ئەو دەمانە
زەمەنی عەشق بوون
مەودای دوو خۆزگە
پەنجەو قەڵەم بوون
ئەمستا بارێك لەتریفە
پێ دەمێك وشە داناگیرسێنێ
پەرچەمی رستەیەك ناکاتەوە
شیعرێك لەپاژنەی هەنگاوا نادوێنێ
دەڕم چۆن باران
ئەمسای تۆران و
تووەیە لەخاك
فرمێسکێك بێ دارێك ناژێنێ
رووەمەتی منارێك گرینگ ناشواتەوە
بەو شێوەیە دەڕم
لەخۆم دەرباز دەبم
لەتۆدا دەبمە ئاڵای گشتگیری
باوەش بەخاکا دەکەم

ستار ئەحمەد